# تاڵەبانی جارێکی تریش شەکری شکاندن..
# تاکەی بێ دەنگی؟

**فوئاد سەعید**
Fuad55@hotmail.com

دەزگای ڕاگەیاندن و دروشمە سیاسییەکانی (ی.ن.ک) بەبەردەوامی باس لە مافەکانی گەلی کوردستان و داکوکی لە ئەنفالکراوەکان و قوربانیانی تاوانکارییە بێوێنەکانی ڕژێم ئەکەن. وا نیشانی خەڵک ئەدەن کە تاڵەبانی سەرقافڵەی شۆرشی نوێ گەلی کوردستانە و لەگەڵ هەڵبژاردنی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار بە شاییلۆغان دونیایان هەراسانکرد وەک دەسکەوتێکی مێژوویی خەباتی گەلی کورد، خستیانە ڕوو.

بەر لەوەی تاڵەبانی دروشمی مێژوویی خۆی (**نەسرەوتن تا سەرکەوتن**) بەدەستبێنێت وخەونی دەیان ساڵەی بێنێتە دی و بگاتە پۆستی سەرۆک کۆماری، و لە گرمەی ئەنفال و کیمیابارانەدا پەیوەندی بتەویی خۆی پاراستبوو لە گەڵ سەرانی ڕژێمی دکتاتۆری. هیچ بێ مەرام نیە داکۆکی ڕاشکاوانەی تاڵەبانی لە ئەنفالچییەکان، نمونەی "**نەزار ئەلخەزرەجی**" کە بە پیاوێکی نیشتمانپەروەر و دڵسوز و دۆستی کوردی لە قەڵەمئەدا و تاوانبارێکی وەک سەرۆکی ئیستخباراتی عەسکەری ڕژێمی سەددام "**وەفیق ئەلسامەرائی**" کە بەڕاویژکاری خۆی دەسنیشانی کرد لە گەڵ کۆنە بەعسییەکی وەکو "**کامەران قەرەداغی**" کە ڕاویژکاری ڕاگەیاندنە. ئەمانەو دەیان کردەوەی قێزەوەنی تر وەک ئامادەیی دەربرین لە پێشوازیکردنی ژن و کچەکانی سەددامی دکتاتۆر هەروەها رازینەبوونی مۆرکردنی سزای ئیعدام بەسەر سەددامدا بە بیانوی هەڵویستی مرۆڤانەوە. پێم وانییە خەڵکی کوردستان ئەو ڕاستیە نەزانێت کە" **شیخ چۆپی** "ی خۆفرۆش و تاوانبار بە مۆڵەتی مامە دەرباز بوو و پارێزرا لە ڕق وقینەی خەڵک، تا ئەگاتە لێدوانە سەیروسەمەرەکانی لە پیاهەڵدان بە ڕژێمە دکتاتۆرییەکانی ئێران و تورکیا و سوریا و تورهەڵدانی ئاڵای کوردستان وەک خۆنواندن لە پێش چاوی چەند عەرەبێکی شوفینی و مەراییکردنی بۆ لایەنی توندڕەوە سوننەکان و ناولێنانی عەلی سیستانی وەک نیعمەتی خوایی بۆ گەلانی عێراق. ئەمانەو دەیان هەڵویست وهەڵسوکەوتی شەرم هێنەر کە مرۆڤی کوردی توشی شەرمەزاری کردوە لە پێش چاوی عەرەب و خەڵکانی تری ناوچەکە.

ئەوەی لە خوارەوەوە هاتووە دەقی وەلأمدانەوەی تاڵەبانی یە بە نامەکەی "**بەرزان تکریتی** " ی برای دکتاتوری پێشووی عێراق و سەرۆکی دەزگای موخابراتی ڕژێمەکەی کە غەرق لە تاوانن دەرهەق گەلانی عێراق وبە تایبەت خەڵکی کوردستان:

"جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆمار دوابەدوای چاوخشاندنەوە بە داواکەی هاووڵاتیی عیراقی بەڕێز(بەرزان تکریتی) گوزارشت لە سۆزی خۆی بۆ ئەو داوایە دەکات لەروانگەیەکی مرۆڤایەتی و مافەکانی مۆرڤەوە کەتیایدا ماف بەهەموو کەسێك دەدات چارەسەری پزیشکیی بۆ بکرێت، هەروەها بەگوێرەی ئەو پەیوەندییە مێژووییەی لەگەڵ بنەماڵەکەیدا هەیەتی و وەك ریزلینانیکیش بۆ ئەو هاوڕێیەتیەی ماوەیەك لەنێوانیاندا هەبووە: سەرکۆمار داوا لە کابینەکەی سەرۆك وەزیرانی عیراق دەکات دەسەڵاتی خۆی بەگەڕبخات بۆ دەرچوونی بەرزان تکریتی لەزیندان و ناردنی بۆ نەخۆشخانە بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەی. سەرکۆمار باوەڕی وایە عیراقی نوێ عیراقی لێبوردەیی مرۆڤایەتی و هاوسۆزییە لەگەڵ نەخۆش و لێقەوماواندا، عیراقی نوێ عیراقیکی دیموکراتیە و بۆ هەموو هاووڵاتیانی مافی پاراستنی تەندروستی و چارەسەری پزیشکی دابین دەکات ."

**پێشمەرگە دێرینەکان و ئەندامانی خاوەن مێژووی پڕ سەروەری و ئەندامانی سەرکردایەتی ودلسۆزانی گەلەکەمان لە ناو** (ی.ن.ک): ئەم هەڵوێستانەی تاڵەبانی گالتەجارییە بە خەباتی ئێوە و خوێنی هەزارەها رۆڵەی بە ئەمەکی گەلی کورد، تۆ بڵێ شەهیدانی وەک شەهاب وئەنوەر زوراب وجەعفەر و جەمالە ڕەش و ئارامی سەرکردە وئازاد هەورامی و ئەنوەر حەسەن و هاوریانیی شەهیدیان لە ژیان بونایە ئەم مەهزەلەیان پی قەبوول بوایە. ئێوە بەرپرسیارن لە بەرامبەر ئەو هەڵویستانەی تاڵەبانی، چونکە بێدەنگیتان هەڵبژاردوە، ئەگەرنا چون سەرهەڵدینن لەڕوی خەڵکی کوردستان و قوربانیانی ئەنفال و تەعریب و ئاوەرەیی و دەربەدەری دەیان ساڵەی دەستی بەرزان تکریتی کە تاوانباری سەرەکی تاوانەکانی ڕژێمە دوای شەخسی سەددام وعەلی کیمیاوی. تاڵەبانی سکرتێری (ی.ن.ک) بە ڕاشکاوانە وبەبی شەرم وشکو باس

لەو (هاوڕێیەتیەی ماوەیەك لەنێوانیاندا هەبووە) دەکات و خۆینی هەزارەها پێشمەرگە شەهید و منالّ و ئافرەتی ئەنفالکراو ئەکاتە قوربانی (ئەو پەیوەندییە مێژووییەی لەگەڵ بنەماڵەکەیدا هەیەتی). بە ڕاستی ڕسوا بونە، بەڕاستی سەرشۆرییە بەڕاستی نزمکردنەوەی کەسایەتی مرۆڤی کوردە کە بەداخەوە تاڵەبانی نوینەرایەتی ئەکات لە دونیا سیاسەتدا. ناکریت چیتر ئەو کردەوە نامەسئولانە قەبول بکرێت و مێژوو هیچ شتێک وون ناکات و هیچ پەردەیەکیش ئەو نارەوایەتییە دا ناپۆشێت.

**رۆڵەکانی خەڵکی کوردستان و پاشماوەی ئەنفال ە کیمیاباران** : سۆز و عاتیفەی کوردایەتی ڕاستییەکانتان لێنەشاریتەوە کە تاڵەبانی لە پێناوی دوبارە هەڵبژاردنەوەی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری، خەبات و مەینەتی و ئازارچێشتنی دەیان ساڵەی ئێوە ئەکاتە قوربانیی سەوداکاری و ڕێزلینان لە سەرانی ڕژێم هیچ بیانویەک پاساوی ناکات و چیتر ئەوانەی تاڵەبانی هەڵیئەتەکێنێت هیچ پینەدۆزێک پینەیان ناکات و ڕووی ڕۆژ بە هێلەگ داناپۆشرێت.

**ڕۆشنبیران و دلّسۆزانی ناو کۆمەڵای خەڵکی کوردستان و ئەندامانی ڕێکخراوەی چاک و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کومەڵگای مەدەنی**: ئێوەش بێدەنگ مەبن وەک هەڵوێستی هەمیشەیتان ئەو کردەوانە ڕسوابکەن و چیتر قەبول مەکەن سەرکردە بکرێت بە بت و خەلک لە خزمەتی سەرکردەبێت، ئەبێت سەرکردە لە خزمەتی کۆمەلانی خەڵک بێت و ناکرێت بێدەنگ بن بەرامبەر ئەو گاڵتە جارییە بە خۆینی هەزارەها لە ڕولەکانی گەلی کوردستان. ئەو وتانەی تاڵەبانی یان هاوبەشی لە تاوانەکانی بەرزان تکریتی و یان بێ ڕێزی لە خەبات و قوربانیدانی دەیان ساڵەی گەلی ستەمدیدەی کورد و گاڵتەجاری بە هەست و خواستی خەلکی کوردستان ئەگەیەنێت.